السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەگەر کەسێک هات و ویستی یەکڕیزی ئێوە پەرتەوازە بکات وناکۆکی بخاتە نێوانتان ؛ لەکاتێکدا ئێوە ڕێککەوتوون لەسەر یەك پیاو (کە خەلیفەتانە -ئەمیرتانە-)، ئەوا ئەو کەسە بکوژن

لە عەرفەجەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «ئەگەر کەسێک هات و ویستی یەکڕیزی ئێوە پەرتەوازە بکات وناکۆکی بخاتە نێوانتان ؛ لەکاتێکدا ئێوە ڕێککەوتوون لەسەر یەك پیاو (کە خەلیفەتانە -ئەمیرتانە-)، ئەوا ئەو کەسە بکوژن».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە ئەگەر مسوڵمانان یەکدەنگ بوون لەسەر یەك بەیعەتدان بە یەك فەرمانڕەوا و یەك کۆمەڵ بوون، پاشان کەسێك بێت و بیەوێت ڕکابەری ئەم فەرمانڕەوایە بکات ودەسەڵاتی لێوەربگرێتەوە، ویەرتەوازەیی بخاتە نێو ڕیزی مسوڵمانانەوە بۆئەوەی دابەش بن بۆ سەر چەند کۆمەڵێك، ئەوا واجبە لەسەر مسوڵمانان ڕێگری لێبکەن ودژی بجەنگن ؛ بۆ دوورخستنەوەی شەڕ وزیانی وبۆ پاراستنی خوێنی مسوڵمانان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58223

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee